# نیللی مەقدسی :

# دەنگ و رەنگی هونەرمەند تەواوکەری یەکترن



ماوەیەکی زۆرە نیللی مەقدسی گۆرانی دەڵێ و لــە لوبنان ناوبانگــی جەماوەرێکی زۆری هەیە لە لایەن خەڵك ناســراوە زۆر جار لــە رێگای هونەرەکەی و ئەو گۆرانیانەی پێشکەشــی دەکات جاری واش هەیە لەرێگای ئەو پروپاگەندانەی کە دەربارەی بڵاودەکرێنەوە یان بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگــەڵ کۆمپانیا هونەرییەکان، بەڵام هەرچۆنێك بێت گۆرانییەکانی ســەرکەوتوو بــوون و توانیویەتی لــە رێگای هونەرەکەیەوە بوونی خۆی بســەلمێنێ لە ماوەیەکی کەمدا.

لە پەیوەندییەکدا نیللی مەقدســی بەمشــێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

***ناوبانگــی تــۆ لای جەماوەر لە چ ئاستێکدایە؟**

- بەدەستهێنانی ناوبانگ و ناســراوی لەنــاو خەڵکدا کارێکی ئاســان نییە، بەڵام ئەوەی لەمە زەحمەتترە ئەوەیە چۆن بتوانیــن ئەو ناوبانگەی خۆمان بپارێزین بۆ ماوەیەکی زۆر، زۆر لە هونەرمەندان ناوبانگیان هەبوو، بەڵام ئێســتا کەس هەر لە یادیشی نەماون ئەمەش پێویســتی بە ئــەرك و ماندووبوونێکی زۆر هەیە.

*** ئافرەتی هونەرمەند دەتوانێت بێ تەنازول کردن بەردەوام بێت لە کاری هونەری؟**

- من دژی ئــەو بۆچوونەم،چونکە مەرج نییە هەموو شتێك بە تەنازول کردن بێت، ئەگەر کەســێك هونەرمەندێکی راستەقینە بێت ئەوا دڵنیام خەڵکی تر دەبــێ تەنازولی بۆ بکەن، چونکە پێویستیان بە بەهرە و تواناکانی ئەوە، خەڵکانی تریش مەبەستم کۆمپانیا و شاعیر و ئاوازدانەرە، چونکە هەر یەکە لە لای خۆیەوە هەوڵ دەدات ســوود لە توانا و ناوبانگی ئەو هونەرمەنــدە وەربگرن، کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی لە رووی ماددییەوە سوودی لێوەربگرن شاعیر و ئاوازدانەرەکانیــش حەز دەکەن ناویان لە پاڵ ناوی هونەرمەندە بــە تواناکانەوە بێت، بەڵام لەوانەیە کەســانێکیش هەبن کــە ناتوانن لە بواری هونەریدا ســەرکەوتوو بن و شــوێنی خۆیــان بکەنەوە، بــۆ ئــەوەی بیانویەك بۆ سەرنەکەوتنی خۆیان بدۆزنەوە و لە سەرکەوتنی

دیمانە: خەلیل بلەیی

کەســانی دیکەی کەم بکەنەوە هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی ئــەم جۆرە، پڕوپاگەندانە بەڵام مەرج نییە تەنیــا ئافرەت لە بواری هونەریدا تەنازول بکات، پیــاوان نابێ وابیربکەنەوە کە تەنــازول هەبێت ئافرەت دەیکات نەخێر ئەگەر هەبێ بۆ پیاویش هەیە .

*** تۆ ماوەیەك ون دواتر بە كارێكی جوان و سەركەوتوو دەگەڕێیتەوە هۆكاری ئەمە چییە ؟**

- من بڕوام بە زۆری شــتەكان نییە، مەرج نییە ئەوەی كاری زۆر پێشكەش بكات هەمموو كارەكانی باش بن، با من ســاڵانە تەنیا یەك گۆرانی پێشــكەش بكەم، بــەڵام مەرجە ئەو گۆرانییە شــوێنی خۆی لە دڵی جەماوەردا بكاتــەوە و ناوبانگێكی بــاش بۆ هونەرمەند دروست بكات و ببێتە مایەی ئەوەی جەماوەر دەســت خۆشیی لێبكەن، نەك ســاڵانە دەیان گۆرانی پێشــكەش بكەن و هیچیان شایەنی دەستخۆشــی جەماوەر نەبن، بــۆ كلیپیش بە هەمان شێوەیە.

*** پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندان چۆنە؟**

- بێگومان لەبەر ئــەوەی ئێمە هەمموومان لە یــەك بــواردا كار دەكەین ئەوا پێویســتە پەیوەندیشــمان هەبێــت، بەڵام پێویســتە ئەو پەیوەندییەی ئێمــە دوور بێت لە بەرژەوەندی تایبەت بەڵكو تەنیا بەرژەوەندی هونەرەكەمان و چۆنیەتی پێشخستنیمان لەبەر چاو بێت، بە گشتی پەیوەندیم لەگەڵ هەمموو هونەرمەندان زۆر باشــە و هەموویان زۆر خۆشەویســتی منــن، ئەگەر زۆر لێیان نزیكیــش نەبم ئەوا هیچ گرفتــم نییە لەگەڵیان و ســوپاس بۆ خوا تا ئێستا هیچ گرفتێكی ئەوتۆم لەگەڵ كەسیاندا نییە و پەیوەندیشم لەگەڵ هیچیان لە چوارچێوەی كاری هونەریدا بووە و زۆر جار لە هەندێك كارد ڕاوێژیان پێدەكەم بە هەمان شێوە ئەوانیش ڕاوێژم پێدەكەن .

*** كەموكورییەكانی تۆ چین؟**

- نالێــم كەموكوڕی، بەڵام پێویســتم بەوە هەیە كــە گرنگی زیاتر بــە كارەكانم بدەم بەتایبەتی لە بوارەی بڵاوبوونەوەی زیاتر.

*** دەنگ یان ڕەنگ زیاتر دەبنە هۆی سەركەوتنی هونەرمەند ؟**

- هیچیان بە تەنیا سوودی نییە بەتایبەتی لەو سەردەمەی ئێستاماندا كە سەردەمی دەنگ و ڕەنگە، هەردووكیان تەواوكەری یەكترن، بەڵام كلیپ ئێستا بووەتە یەكێك لە پێداویستییەكانی كاری هونەری بۆ ئــەوەی هونەرمەند زیاتر بناسرێ لە لایەن جەماوەرەوە، هەرچەند دەبێ ئەوەش بڵێین كە هەندێــك هونەرمەند هەبووە بــێ ئەوەی كلیپیش هەبێت یــان تەكنۆلۆژیا بەو شێوەی ئێستا بێت ناوبانگێكی باشیان بۆ خۆیان پەیدا كردووە و ئەگەر كلیپیشیان هەبێت ئەوا ژمارەیان لە پەنجەكانی یەك دەست تێپەڕ ناكات نموونەشــمان زۆرە چ لە لوبنان یان لە وڵاتەكانی دیكەی عەرەبی.

*** وەك ئافرەتێكــی هونەرمەند ترســت لە چی هەیە؟**

- بێگومان هەمــوو مرۆڤێك كاتێك كارێك ئەنجــام دەدات ئەوا ســەرەتا ترســێكی لە دڵــدا هەیە، بــۆ منیــش وەك ئافرەتێك و لە كۆمەڵگایەكــی ڕۆژهەڵاتی لە ســەرەتای چوونە ناو كاری هونەرییەوە ترســێكی زۆرم هەبوو، چونكە كۆمەڵگا ڕەحم بە كەس ناكات هەرچەندە ماڵــەوەم زۆر هاوكاری منیان كرد و پشــتگیری تەواویان كردم و هەر ئەوانیش هاندەری ســەرەكیم بوون بۆ ئــەوەی ڕوو لە هونــەر بكــەم، بەتایبەتی باوكــم كە خۆی هونەرمەندێكی كۆنە و پەیوەندییەكی بەهێزی هەیــە لە ناوەندە هونەرییەكاندا بەشــێوەیەكی گشتی، بێگومان پاڵپشتی كردنی بەردەوامی لێــم كاریگەرییەكــی زۆری هەبــوو لــە ســەركەوتنی مندا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ترسم هەر هەبوو، لێرەدا دەبێ شتێكی دیكەش بڵێم ئەویش ئەوەیە ســەرەڕای ئەوەی من زۆر بڕوام بە تواناكانی خۆم هەبوو كاتێك دەســتم بە گۆرانی گوتن كرد، بەڵام بیرم لە زۆر شت دەكردەوە وەك ئەوەی ئایا دەتوانم ســەركەوتن لەو بوارە بەدەســت بهێنم و بــەردەوام بم یان سەركەوتوو نابم، بەتایبەتی ئێستا كە ژمارەی هونەرمەندە سەركەوتوو و باشەكان گەلێك زۆرە و بۆ ئەوەی شــوێنی خۆم لەناویاندا بكەمەوە ئەوا پێویستە خۆم زۆر ماندوو بكەم و هەوڵی زۆریش بدەم.

*** ئاستەنگەكانی بەردەم هونەرمەندان چین ؟**

- هەمــوو كارێك كە مرۆڤ لــە ژیاندا بیكات جۆرە ئاســتەنگێكی دێتە سەر ڕێگا، بەڵام مرۆڤ هەمیشە دەبێ بیر لە سەركەوتن و زاڵ بوون بەســەر ئەم ئاستەنگانەدا بكاتەوە و حســابێكی تەواویان بۆ بــكات هەرچەندە زۆر بڕوایشــی بە تواناكانــی خۆی هەبێت، ئاستەنگەكانی بەردەم هونەرمەندان زۆرن یەكێك لەوانە ئەوەیە ڕەنگە كەســانێكی زۆر قەدری ئــەو كارە نەزانن كە تۆ دەیكەی و قســەی سەیریشــت دەربارە بكــەن، هەروەها زۆر جار هونەرمەندان لەگەڵ كۆمپانیا هونەرییەكانی بڵاوكردنەوەی كارە هونەرییەكان گرفتی هەیە یان لەگــەڵ دەزگاكانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی كاتێك هەندێك زانیاری ناڕاســت و نادروست دژی هەندێــك لــە هونەرمەندە نــاودارەكان بڵاودەكەنــەوە تەنیــا بــۆ ئــەوەی ژمارەی فرۆشتنی ڕۆژنامەكانیان زیاد بكات، هەروەها گرفتی دیكەش هەیە، بەڵام هونەرمەند دەبێ ئەمانە بە ســینگێكی فراوانــەوە وەربگرێت، چونكــە ناوبانگ دەركردنیــش باجی خۆی هەیــە و دەبێ ئامــادە بین ئەم باجە بدەین.

***تۆ ئەگەر لــەو گۆرانیانەش كە خەمی پێوە دیارە و گوزارشت لــە خەم و ناخۆشــی دەكەن تا**

**ئامادەم باجی بەناوبانگی بدەم**



**رادیەك سـەرنجراكێش و وروژێنەری هۆكاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

- دەركەوتنـی من بەوشـێوەی كە دەیبینن لە كلیپەكاندا زۆر جار لەسـەر داخوازی دەرهێنەرە، بـەڵام جیاوازی من لەگەڵ هونەرمەندانی دیكە ئەوەیە هەندێكیـان بـەوە رازی نین دەرهێنەر چییـان پێ بڵێـت و زۆر جار ئەوەی دەرهێنـەر دەیڵێت جێبەجێـی ناكەن كەچی من هەر شتێكی دەرهێنەر پێم بڵێت دەیكەم تەنانەت خۆیشم هەندێك جـار بیرۆكەی خۆم پێشـكەش بە دەرهێنەر دەكـەم و هەر كارێكیش تا ئێستا كردوومە بە قەناعەتەوە بووە.

*** ئـەو گۆرانیانـەی وەك كلیـپ تۆماریـان دەكەی كێ هەڵیاندەبژێری؟**

- ئەمـە یەكێكـە لـە گرفتەكانـی هونەرمەندان، چونكـە ئێمە زۆر گۆرانی دادەنێین بۆ ئەوەی وەك كلیپ تۆماریان بكەین و زۆر جار سەرمان لێدەشـێو، بۆیـە پێویسـتە راوێژ بە كۆمپانیا یان جەماوەر بكەین، هەندێك جاریش خۆمـان هەڵیدەبژێریـن و پشـت بە خۆمان دەبەستین .

***چی دەڵێی بـۆ دیاردەی تێكەڵ بوونی هونـەری گەلانی بە یەكتری ئایا دژی ئەم هەنگاوەی یـان پشـتگیری لێدەكەی وەك لوبنانییەك؟**

- بێگومان تێكەڵ كردنی هونەری میللەتان سوودی دەبێت بۆ بەرەو پێشچوونی هونەر بە گشتی و سوود وەرگرتن لە یەكتری، بەڵام بە مەرجێك ئەو هونـەرەی هونەرمەندێكی لوبنانی یـان توركی تێكەڵ بە هونەرەكەی خۆی دەكات مۆركی خـۆی پێوە بمێنێت واتـە بە جەماوەر بڵێی كە ئـەم گۆرانییە لە فۆلكلۆری ئـەم گەلە یان ئەم نەتەوەیە وەرگیراوە لە هەمـان كاتدا ئەو كارەی تۆ پێشكەشی دەكەی و سەرچاوەكەی هونەری میللەتـی خۆت نییە دەبێ بە شـێوەیەكی وا بێـت كە نامۆ نەبێـت لەگەڵ هونەری میللەتی خۆت، ئەگەر نا من پێم ئاسـاییە سـوود لە ئاوازی توركی فەرەنسی یۆنانی و هی هەر نەتەوەیەكـی دیكە وەربگرم لە گۆرانییەكانمدا بەكاریان بهێنم بە مەرجێك بزانم تێیدا سەركەوتوو دەبم.

*** زۆر جـار باس لە هەندێك هونەرمەند دەكرێت گوایە لـە هەندێك وڵاتی عەرەبی رێگایـان پێ نەدراوە كـە بچنە ناو خاكی هەندێك لەو وڵاتانە، ئایا تۆش هیچ كاتێك رێـگات لێنەگیراوە بچیتە نـاو وڵاتێكی عەرەبی؟**

- من ئەم شـتانە زۆر بە ناماقوڵ دەبینم نازانـم بۆچی رێگا لە هونەرمەند دەگیرێ سەردانی وڵاتێك بكات و گۆرانی بڵێ من ئەگەر لە لوبنان كە وڵاتی خۆمە جەماوەرم نەبێت و بزانم كەس گوێ لە گۆرانییەكانم ناگرێـت بۆخـۆم گۆرانی ناڵێـم و وازی لێدەهێنـم، ئەگەر جەمـاوەرم لە وڵاتێكی دیكە نەبێت چۆن دەچم گۆرانی لەو وڵاتە بڵێم، شتێكی دیكەی سەیر ئەوەی لە هیچ وڵاتێكـی دیكە رێگا لە كـەس نەگیراوە گۆرانی بڵێ بۆچی لە وڵاتە عەرەبییەكان زۆر جـار باس لەم كێشـەیە دەكرێ، بەڵام من پێم وایە كەسـانێك هەن سـوودمەندن لە نانەوەی ئەم كێشـانە بۆیـە زوو زوو لە دەزگاكانـی راگەیانـدن دەیوروژێنـن بۆ ئەوەی كاریگەری هەبێت لەسەر ناوبانگی هەندێك لە هونەرمەندان بەتایبەتی ئافرەتە هونەرمەندە لوبنانییەكان.

*** هەندێك هونەرمەنـدی لوبنانی یەك ئەلبووم لە گۆرانی میسری دەڵێن تۆ چی دەڵێی بۆ ئەمانە؟**

- بـەلای منەوە كارێكی زۆر ئاسـاییە، چونكە هەر كەسـێك ئازادە چی پێشـكەش بكات و زمانی ئێمـە جیاواز نییە و بەڕای مـن هونەر لە هەموو سـنوورەكان بە هێزترە بۆیە جەماوەری میسریش گوێ لە گۆرانی لوبنانـی دەگرێـت و رەنگـە هەندێـك لە لوبنانییەكان جەماوەریان لە میسـر زیاتر بێت وەك ئەوەی لە لوبنان هەیانە.

*** ماوەیەك پروپاگەندە سـەیر دژی تۆ دەكرا تا چەند كاریگەری بەسەر تۆوە هەبووە و هەڵوێستی خێزانەكەت چۆن بوو ؟**

- من هیچ كاتێك گرنگیم بە پروپاگەندە و قسەی هەڵبەستراو نییە و ئەگەر زۆریش ئەزیەتم بـدات وەڵامیان نادەمەوە، راسـتە رەنگە بۆ خێزانەكەم هەندێك ناخۆش بوویێت، بەڵام ئـەوان بڕوای تەواویان بە من هەیە و زۆر لە بارودۆخی تایبەتی من گەیشـتوون بۆیە هەسـت بەوە دەكەن كە هیچیان راست نین.

*** جوانـی هیـچ رۆڵێكـی هەبوو لە سەركەوتنی هونەرمەندا؟**

-بێگومـان جوانـی نیعمەتێكی خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشـیوە بە شـێوازی جیاجیا، جوانـی روخسـاریش یەكێكە لە هۆكارەكانی زیاتر دەرخستنی هونەرمەندی ئافرەت، بەڵام كەس تەنیا بە جوانی ناتوانێت ببێت بە هونەرمەندێكی سـەركەوتوو ئەگەر باكگراوەندێكی هونەری باشی نەبێت، چونكە جوانی شتێكی رێژەییە و تا هەتایە نامێنێت، ئەوەی پشت بە جوانییەكەی ببەستێت دەبێ بە تێپەڕبوونی تەمەن واز لە گۆرانی گوتن بهێنێت ئەمەش راسـت نییـە، چونكە زۆر هونەرمەندمـان هەیە بە تەمەن زۆر گەورەن كەچی ئێسـتاش هونەرەكەیان تاموچێژی تایبەتـی خۆی هەیە و جەمـاوەر زیاتر لە جاران حەز لە گۆرانییەكانیان دەكات.

*** ئەی چی دەڵێی بۆ ئەو هونەرمەندانەی نەشتەرگەری جوانكاری ئەنجام دەدەن؟**

- ئەوە دەگەڕێتەوە سـەر ئەو كەسـە و جۆری ئەو نەشـتەرگەرییە، من خۆم دژی نەشـتەرگەری نیم و رەتی ناكەمەوە، بەڵام بەڕای مرۆڤ هەرچۆنێك بێت بە سروشتی خۆی جوانە.

*** گوێ لە گۆرانییەكانی كێ دەگری؟**

- لـە گۆرانیبێژە نـاودار و كۆنەكان گوێ لە زۆریـان دەگرم، هەروەها زۆر جار گوێ لـە گۆرانییەكانی خۆم دەگرمەوە بۆ ئەوەی بزانم كەموكورییەكانی چین و هەوڵ دەدەم لە كارەكانـی دواتر ئەم كەموكوڕیانە نەهێڵم.



لە ڕێگای گوڵانەوە ڕایدەگەیەنێت کەی بەرهەمی نوێی بڵاودەبێتەوە

## کەمال محەمەد:

# غوربەت زیاتر فێری هونەری ڕەسەنی کردم



**شارەکانی کوردستان گەشەسەندنی بەخۆوە بینیوە، تکام وایە بە ویژدانەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگ بدەن**

کەمال محەمەد خاوەن توانستێکی باشی هونەرییە و ئەو هەردەم لەگەڵ هەستی ناسکی خۆیدا ئاوێتەی گۆرانیەکانی "کێ بوو کێ بوو و خانم گیان و تۆ پەپولەی سەربەردەکانی باوە نوور و ئازیز ئەمشەو گوڵی ڕەعنا" دەکات ئەو بەهەست و عاتیفەیەکی جوانەوە دەڵێت کوا ئێوارەی دوو چاوی پڕ گڕی شینت سەرم کەیلی تەم و مژە شەویش داهات ئەو زەمەنەی دەسپێکی کاری هونەری کەمال محمد بووە تا ڕادەیەك دەتوانین بڵێین هونەر لەو بازنەیەدا چەقی بەستبوو، بەڵام هەر لە دوای دەرکەوتنی ئەم و چەند گەنجێکی ئەو کاتە ستایلێك کە پڕاو پڕ لە بۆنی سلێمانی بووە، بوو بە دەستکەوتێکی تر بۆ هونەری ڕەسەنی کوردی کەمال دوای ئەوەی بەرهەمی کۆچ بڵاو دەکاتەوە پیشوازییەکی باش لەلایەن جەماوەرەوە بەخۆوە دەبینێت و هەوادارانی خۆی شادمان دەکاتەوە، ئێستاش بۆ بەردەوامبوون لە خزمەتی هونەری کوردیدا دوایین بەرهەمی هونەری خۆی بەناوی (هاوڕێ)، کە خۆیی لە (١٠) گۆرانیدا دەبینیتەوە پیشکەشی هەوادارانی دەنگی دەکاتەوە، ئێمەش بە چاکمان زانی لەم دیدارە هونەرییەدا بەڕێزیان بە سەر بکەینەوە.

دیمانە: سۆران مارف کریم
Soranmarif@hotmail.com



خۆشەویستی
خاک و نیشتیمان
و خەڵک
وایلێکردین
ستایلێک بۆ
خزمەت کردنی
هونەری کوردی
هەڵبژێرین

*** لـــە ســـەرەتای ســـاڵانی هەشـــتاکانەوە سەرقاڵی کاری هونەریت، کەچی دەبینرێت تەنها ســـتایلێکی تایبەت بە خۆت هەڵبژاردووە هیچ کاتێك گۆڕانکارییەکت تیا نەکردووە، پرســـیار ئەوەیە هەوڵت نەداوە لـــەو بازنە هونەرییە بێیتە دەرەوە و گۆڕانکاری لەو ستایلەدا بکەیت؟**

-پرســـیارێکی جوانە ســـتایلی من ستایلی ساڵانی هەشتاکەنەو ستایلی سلێمانییە ستایلێکە تێکەڵ بە ناخی سلێمانی بووە تەنانەت ئەو ستایلە کاریگەری لەسەر شـــارەکانی هەولێرو دهۆك و کەرکوکیش هەبووە، ئێستا کۆمەڵێك گەنج لاسایی ستایلی ئێمە ئەکەنەوە ئێمە کۆمەڵێ گەنج بووین گرنگیمان بەو ســـتایلەی خۆمان داوە لە سیدی بەرهەمی کۆچ گۆڕانکارییەکمان لەو ستایلەدا کرد بەو مەرجەی لە بازنە نەچێتە دەرەوە ئەتوانم بڵێم گۆڕانکارییەکەگۆڕانکارییەکی جوان بوو

***کۆمەڵێك گەنج ئێستا لاسایی ئەو ستایلەی ئێوە دەکەنـــەوە تۆ پێت وایە تاچەند حەقیان داوە بەو ستایلەو سەرکەوتوون ؟**

-منیش ســـەرەتا بە کاری لاســـایی کردنەوە دەســـتم پێکـــردووە زۆر جار گوێـــم لە دەنگی مامۆســـتای نەمر (حەسەن زیرەك و محەمەدی مامڵێ و عەلی مەردان و کەریم کابان) گوتووە و دواتر ســـتایلی تایبەت بە خـــۆم هەڵبژەردووە من پێم خۆشـــە ئـــەو گەنجانـــەش گوێگر بن پاشان ستایلی خۆیان هەڵبژێرن نەوەك بەڕێتمی کارەکانـــی کەمال محەمەد دەســـت پێ بکەن و بەڕێتمی کەمال محەمەد کۆتایی پێبێنن من پێم خۆشە گۆڕانکاری لە کارە کانیدا بکەن

*** تۆ ئایندەی ئەم گەنجانە چۆن دەبینی؟**

-من پێم وایە چەند کەسێکیان باشن و ئەتوانن خزمەتی هونەری کوردی بکەن

*** ئەو ســـتایلەی تۆ هەمیشـــە دەمانباتەوە بۆ لای یادگارییە خۆش و ناخۆشـــەکان پرسیار ئەوەیە چۆن بیرۆکەی ئەم ستایلەتان دانا ؟**

-ئێمـــە ئەو دەمە لـــە بازنەیەکدا بووین ڕژێم نەی دەهێشت لەو بازنەیە بچینە دەرەوە هەمیشە لە تەمومژدا کارمان دەکرد خۆشەویستی خاك و نیشتیمان و خەڵك وایلێکردین ستایلێك بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی هەڵبژێرین خۆشەویستی ئێمە بۆ مندالّی پێشمەرگەیەك بوو بۆ منداڵێکی ئەنفال بوو ئەو خۆشەویستی و سۆزو وەفای ئێمە بۆ ئەوان وایکرد لە خزمـــەت هونەری کوردیدا کار بکەیـــن بۆ نمونە (جەژنێك بەشـــێوەی) کە گۆرانییەکی نیشتیمانییەو گۆرانی نەورۆزەکەم تائێستاش لەلای جەماوەر بوونیان هەیەو خەڵکی گوێیان لێدەگرێت.

*** ئەو ســـتایلە نوێیەی ســـاڵی هەشتاکان کە ئێـــوە هێناتانە ناو هونـــەری کوردییەوە کە بریتی بوون لە بەڕێزان (ســـالار سەلمان، کاروان عوسمان، عەتا ئەحمەد، سالار مەحمود) تاچەند زەرورییەتێکی هونەری بوو؟**

-دەبوو ئێمە لەو کاتەدا کارمان بکردایە کە لەو دەمەدا تیپی مۆسیقایی باواجی کۆیە یە تیپی مۆســـیقای هەولێر هەبوو، کاری زۆر باشـــیان بـــۆ هونەری کوردی دەکرد، بـــەڵام لەو کاتەدا هونەرمەند (ســـالار سەلمان) توانی بەشێوەیەکی نوێ کۆمەڵێك کاری هونەری جوان پێشکەش بە ئێمە بکات و پاشانیش کاك ( عەتا ئەحمەد ) بە هەمان شێوە لە سەر ئەو ستایلە کۆمەڵێك کاری جوانی پێشکەشـــی ئێمە کـــرد، منیش خۆم لەو زەمەنەدا ئاواز دانەر بووم و سودم لە ئاوازەکانی خۆم بینیووە بە پێویســـتمان زانی بەســـتایلێکی نوێ لە خزمەتی هونەری کوردیدا بوونی خۆمان بسەلمێنین

*** چـــۆن توانیتان زوو بەو ســـتایلە نوێیەوە ڕۆبچنە نـــاو ناخی خەڵکـــەوە بەرهەمەکانتان لەلایەن جەماوەرەوە بە شێوەیەکی باش پێشوازی لێبکرێت؟**

-خۆشەویســـتی خەڵکـــی گڕوتینی زیاتری بە ئێمە دە بەخشـــی و ســـەروەتی ئێمەش کارە هونەرییەکانمان بوو بە خەڵکەمان بەخشی

***تیپی مۆسیقای ســـلێمانی بە چەترێك بۆ هونەرمەندانی سلێمانی ناو دەبرا کەچی (کەمال محەمەد و ســـالار ســـەلمان و سالار مەحمود و عەتا ئەحمەد و کاروان عوسمان) لە دەرەوەی ئەو تیپە کاریان دەکرد هـــۆکاری ئەم دورە پەرێزییە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

-ئێمە حەزمان دەکرد خۆمان بە ســـتایلێکی نوێوە لە خزمەتی هەنـــەری کوردیدا کارەکانمان پێشکەش بکەین تا ئەمڕۆش ئەو ستایلەی ئێمە لە لای خەڵکە پێشـــوازییەکی زۆری لێدەکرێت هیوادارین توانیبێتمان بەو ســـتایلە خزمەتێکی هونەری کوردی بکەین

***کێ لەپشت دەرکەوتنی هونەرمەند (کەمال محەمەد )ەوە بوو ؟**

-خۆشەویستی خەڵك و نیشتمانەکەم لە پشت دەرکەوتنی منەوە بوو

***زۆر جار کە گوێبیســـتی دەنگی بەڕێزت دەبیـــن دەمانباتەوە بولای دەنگە بەســـۆزەکەی هونەرمەنـــدی کۆچکردوو (کاروان عوســـمان ) پرســـیار ئەوەیە تۆی لەگەڵ هونەری (کاروان عوسمان) گرێداوە ؟**

-دیارە (کاروان عوســـمان ) ی نەمر یەکێك بـــوو لە لە هـــاوڕێ خۆشەویســـتەکانم و یەك ستایل کە بە یەکەوە کارمان تێدا دەکرد بەیەکەوە بەستبووینەوە خۆشەویستی من و کاروان عوسمان لە سەر بنەمای هاوڕێیەتییەکی پاك بوو لە سەر بنەمایەکی هونەری پاك بوو من هەمشـــە ئەو بە مامۆســـتای هونەری کوردی ناو دەبەم ئەو توانـــی خزمەتێکی بەر چاو بە هونەری کوردی بگەیەنێت



***ئـەوەی جێــگای پرســیارە زۆر لە ئێوە لەگەڵ هونەرمەند (کاروان عوسمان) گۆرانی نەتەوەیتان پێشــکەش دەکرد، هەڵوێســتی ئەو کاتەی ڕژێم چۆن بوو بەرامبەر ئێوە ؟**

-ئێمە کاتــێ گۆرانییەکی نشــتیمانیمان پێشــکەش دەکرد هەتا ماوەیــەك لە بەرچاوی ڕژێم خۆمان دەشــاردەوە، لە ماڵی خزمەکەس و کارمان جاری وا هەبووە ماوەی یەك مانگ نەمانتوانیــوە لــە ماڵەوە بێینــە دەرەوە، ئێمە ئەو کاتــە زۆر بە ئیحساســەوە گۆرانیمان بۆ نیشتیمانەکەمان دەگوت، ئێستاش هەرهەمان ئحساســم هەیە و گۆرانیم بۆ نیشــتیمانەکەم چڕیوە، هیــوام وایە توانیبێتم خزمەت هونەری کوردی بکەم

***گۆرانی (نیشــتیمان) کــە گۆرانییەکی بەرهەمی (کۆچ) بوو کە دوایین کاری بەرێزتان ئامــاژەت بــەوە داوە کە(نیشــیمان هەمومان غەدرمان لێکردووی) ئەتەوێ لەم گۆرانییەوە چ پەیامێك بگەیەنیت؟**

- ئەمەوێ بڵێم بەداخەوە لای هەندێ کەس ئەو ئیحساســەی نیە بۆ نیشــتیمانەکەی لە کاتێکــدا ئەوەی ئەمڕۆ هاتۆتە بوون بەرهەمی خەبات قوربانی دانی ئەو گەلە ستەم دیدەیە کە چەندین ســاڵە لەلایەن ڕژێم وە دەچەوسێتەوە و چەوســێنراوەتەوە من ئەمڕۆ لە کوردستاندا کە بە ئازادی گۆرانــی دەڵێم بەرهەمی خەبات و قوربانــی دانی ئەو گەلەیە بۆیە دەبێت ئێمەش لەیادی نەکەیــن ئیحساســمان هەبێت تاوەکو چارەنووســی نەتەوەکەمان لە دەســت نەچێت ئاییندەی نیشتیمانەکەمان بەرەو هەڵدێر نەچێت ئــەوا چەنــد ڕۆژێکی تر پرۆســەی دەنگ دانــە داوام وایــە هەموو کوردێك بەشــداری لەم پرۆســە یەدا بــكات دەنگی حەقی خۆی بــدات و بە ویژدانــەوە دەنگی خۆیــان بدەن مــن نالێــم کەموکورتی نییە، بــەڵام ئەگەر تەماشای شارەکانی کوردستان بکەین بێگومان گەشەســەندنێکی بەرچاوی بــە خۆوە بینیووە بابە هەموومان دەســکەوتەکانی میللەتەکەمان بپارێزین ئەو داهاتەی کە هەمانە لە دەســتی نەدەیــن جارێکی تر دەڵێم تکایــە بەویژدانەوە دەنگی خۆتان بدەن و خوێنی شــەهیدان لە یاد نەکەن ئەم هەلە لە دەست نەدەین

***زۆر جار تەئکید لــە تواناوکارە هونەرییە ڕەســەنەکانی هونەرمەندان ( حەســەن زیرەك، ماملــێ، تاهیــر توفیق و عەلــی مەردان) دەکەیتــەوە کەچی هەندیك پێیان وایە مێژووی پێشکەوتن و گەشەســەندنی گۆرانی کوردی بۆکاتە دەگەڕێتەوە کە مۆســیقای تورکی و عەرەبی فارســی ئاوێتەی مۆسیقای کوردی بوو تۆ پەیامت چییە بۆئەو کەسانە؟**

-مــن پەیامم بۆ هیچ کەســێك نییە تەنها ئەوەنــدە دەڵێم کاری جوان لــە ناخ و ویژدانی خەڵك دا دەمێنێتەوە و کاری خراپ لای خەڵك زوو دەمرێ و لە دڵی خەڵکدا جێی نابێتەوە

***تۆ پێت وایە دەبێــت هونەرمەند موڵکی خەڵك بێت یان تەنها لایەنێکی سیاسی ؟**

-خەڵکــی خۆیان ئــازادن لــەوەی چۆن بیردەکەنەوە بەڵام من پێــم وایە هونەرەکەم بۆ خەڵکی وبەتەنها و بۆ نیشتیمانەکەم

***بۆچی تائێستا کۆنسێرت لە شاری هەولێر سازنەکردووە ؟**

- لە بەرنامەمدا نییە لە هەموو شــارەکانی کوردســتان کۆنســرێت ســاز بکەم هۆکاری ئەوەی من کۆنســرێتم لە شاری هەولێر ئەنجام نەداوە تەنها بۆ ئــەوە دەگەڕێتەوە کەمن بوارم بۆنەرەخسانــەوە بەنیازم لەئاییندادا ئەگەر بوار برەخســێنێت جەماوەری هەولێریش خۆشحاڵ بکەم

***ئێســتاچ پرۆژەیەکــی هونەریتــان لەبەردەستایە؟**

-بۆ بەتەئکید گەڕانەوەی من بۆکوردستان بە مەبەستی تۆمارکردنی ســیدییە نوێیەکەم بووم کە خۆی لــە (١٠) گۆرانیدا دەبینێتەوە ســوپاس بۆ خواتەواوی کارە هونەرییەکەم بە کۆتاهات ئــەم بەرهەم بە ناوی ( هاوڕێ) یە لەسەرستایلی پێشــووم کارەکانم ئەنجام داوەو کاری مۆســیقا لەلایــەن هونەرمەندان (عەتا احمد، کارزان کامیل، نوێنــەر ئەحمەد، ئاڵان کامیل)ەوە کاری تۆمار کردنی ئەم بەرهەمەش لە ستۆدیۆ (پیان-لە شاری سلێمانی ئەنجام داوە تەواوی ئاوازی گۆرانییەکانیش لەلایەن برای خۆشەویســت و بەڕێزم کاك (عەتا ئەحمەد)ەوە ئامادە کراوە لە شــعری شــاعیران (محەمەد عومەر عوســمان و ئەحمەد محەمەد و عەتا ئەحمەد و ئســماعیلەوە ئەرکــی بڵاوکردنەوەو بەرهەمهێنانی ئەم کارەش لەلایەن ســەنتەری ڕۆشــنبیری شــار لە ســلێمانی گرتویەتییە ئەستۆ

*** تاچەند پێت وایە ئەم کارە پێشوازییەکی باشی لێدەکرێت لەلایەن جەماوەرەوە ؟**

-من هەموو هەوڵەکانی خــۆم لەم کارە دا خستۆتە کار، بەڵام وەڵامی ئەم پرســیارە بۆ جەماوەر بەجێ دێڵم

*** تاچەند ئەو شــاعیرانەی کارت لەســەر کردوون ئاوێتەی ئیحساس و ناخی خۆتن ؟**

-بە دڵنیاییەوە هەموو ئاوێتەی هەســت و ئحساســی خۆمن من هەمیشــە کار لەسەر هۆنراوەیــەك دەکەم کەڕەنگدانەوەی ژیانی خۆم بێت

***کەی بەنیازی بڵاوکردنەوەی نوێیەکەتی؟**

- لەڕێــگای گۆڤــاری گوڵانــەوە ئەو پەیامەتان پێ دەگەیەنم کە لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســتان بەرهەمــی نوێی من بەناوی ( هــاوڕێ) بڵاودەکرێتەوە لێرەشــەوە سوپاسی ســەنتەری ڕۆشنبیری شار دەکەم کە ئەم ئەرکەیان گرتۆتە ئەســتۆ، ئەم بەهەمەش پێشکەشــە بە هەموو عاشــقان و منداڵانی کوردستان کردووە.

***ماوەی چەند ســاڵێکە لــە تاراوگە ژیان دەگوزەرێنــی تۆ تــا چەنــد کەوتویتە ژێر کاریگەری غوربەتەوە ؟**

-من لەوەتەی کوردســتانم بەجێ هێشتووە لە ژێــر کاریگەری غوربــەت و دووره وڵاتیم هەربۆیــەش وایکردووە زیاتر گوێ لە هونەری ڕەسەن بگرم من هەرچەند دوورم لەگەڵ ئاو و هــەوای وڵاتەکەم دوژیم هەمووتان دەزانن هەر چەند ماڵم لەســویدە، بەڵام لە ساڵێکدا شەش مانگی لەگەڵ خەڵکی ســلێمانی و وڵاتەکەم بەســەر دەبەم هەرگیز من لە سلێمانی خۆم بە میوان نازانم وە ئەگەر بوار برەخســێت بەنیازم بەیەکجاری بێمەوە سلێمانی ژیان بەسەر بەرم

***دوایین پەیامت ؟**

هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر تەمەن مابێ تەمەنا دەکەم لە هونەری کوردیدا تەواوی بکەم، هیوام وایە ئەو هەوڵــەی داومە لەخزمەتی هونەری کوردیدا شوێنی خۆی گرتبێ.

**ئەوەی ئەمڕۆ هاتۆتە بوون بەرهەمی خەبات قوربانی دانی ئەو گەلە ستەم دیدەیە کە چەندین ساڵە لەلایەن ڕژێم وە دەچەوسێتەوە و چەوسێنراوەتەوە من ئەمڕۆ لە کوردستاندا کە بە ئازادی گۆرانی دەڵێم بەرهەمی خەبات و قوربانی دانی ئەو گەلەیە**

**لە ئاییندەدا جەماوەری هەولێریش خۆشحاڵ دەکەم**

